# گفتوگۆی ڕاستەوخۆ
# لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خواروودا
# ( ١٩٩١ — ٢٠٠٣ )

**پ. ی. د. فازیل مەجید مەحموود/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان — بەشی کوردی**

**د. جەلال ئەنوەر سەعید/ زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی کوردی**

## پێشەکی

گفتوگۆ وەکو پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن، ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت و هۆی مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. لە هەمان کاتدا، هۆیەکی گرنگی هونەری گێڕانەوەیە و ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە بنیاتی ڕەگەزەکانی ڕۆماندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە کە لەئاستی گرنگییەکەی بێت. تەنها ئەوە نەبێت کە لەو توێژینەوانەی لەبارەی چیرۆك و ڕۆماندا ئەنجامدراون، ئاوڕێکی زۆر سەرپێییانەی لێ دراوەتەوە. تەنها باسێکی (د. نەجم خالید ئەلوەنی) نەبێت بە ناوی (تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا) [1]، کە لەم بارەیەوە هەوڵێکی ڕابەرانەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری کورتە چیرۆکدا ئەنجامدراوە، نەوەکو ڕۆمان. جگە لەمەش ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبووەتەوە کە تیایدا بوار نارەخسێت زۆر بە قووڵی تیشك بخرێتە سەر هەموو جۆر و ئەرك و لایەنەکانی گفتوگۆ.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت و سنووردارکردنیشی لە ڕۆمانی کرمانجی خواروو و لە نێوان ساڵی (١٩٩١ز — ٢٠٠٣ز) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردی لە کرمانجی خوارووداد، بە دەوڵەمەندترین قۆناغ دادەنرێت *، چ لە ڕووی ژمارەوە و چ لە ڕووی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە. لەبەرئەوە دەکرێت ئەم ماوەیە بە سەردەمی زێڕینی ڕۆمانی کوردی دابنرێت بە تایبەتیش لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بە دواوە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی پەیڕەوکراوە، کە پشت بە هەڵسەنگاندنی نموونەکان دەبەستێت.

توێژینەوەکەش لە دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا، پێشەکییەکی کورت لە بارەی مێژووی گفتوگۆوە خراوەتەڕوو، بەدوای ئەویشدا پێناسە و چەمکی گفتوگۆ، ئەمجا ئەرك و ڕۆڵی گفتوگۆ و لە کۆتاییشدا کاریگەریی ڕێبازە ئەدەبییەکان بەسەر گفتوگۆوە، پێشکەشکراوە.

---

[1]) تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، د. نجم خالد نجم الدین، گ. (زانکۆ)، ژ. (٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٥.

* شایانی وتنە کە لە ماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا (١٩٩١ز — ٢٠٠٣ز)، ڕۆمانی کوردی بە زۆری بەم شێوەزارە نووسراوە.

بەشی دووەمیش، تایبەتە بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ وەك جۆرێكی گفتوگۆی دەرەوە. تیایدا تیشك خراوەتە سەر چەمكی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، ئەمجا بە نموونەوە شێوەكانی نووسینی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ خراوەتەڕوو، كە بریتین لە (شێوەی ئاشكرا، شێوەی شاراوە، بێ دەنگیی لە گفتوگۆدا).

دواتر، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی كە لە باسەكەدا پێیگەیشتووین، خراونەتەڕوو، لەگەڵ پوختەی نامەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

## بەشی یەكەم

### ١ - پێشەكییەكی مێژوویی

ئاشكرایە كە مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و بۆ ئەوەی پەرە بەژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی خۆی بدات، پێویستی بە ئەنجامدانی گفتوگۆیە. ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەكیش، پێكەوەبوون و پێكەوەژیان لە مرۆڤ دەخوازێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین كە مەرج نییە لە هەموو پێكەوەبوونێكدا گفتوگۆ بێتەكایەوە، ئەمەش بە یەكێك لە ئەزموونە هەرەناخۆشەكانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، چونكە كاتێك مرۆڤەكان لە شوێنێكدا كۆدەبنەوە و هیچ گفتوگۆ و قسە گۆڕینەوەیەك لەنێوانیاندا ڕوونەدات، ئیتر لەو نێوانەدا نائارمیی پانتاییەكی فراوان داگیردەكات، لەبەرئەوە مرۆڤ بۆ لەناوبردنی ئەو هەستە سامناكانەی ناوەوەی خۆی، هەوڵدەدات – ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش پێكەوەبن – گفتوگۆ و دەمەتەقێ ئەنجامبدەن [٢]. واتە سەرەتا گفتوگۆ لەلای مرۆڤ، لەپاڵ ئەوەی كە هۆكارێكی پەیوەندیكردن بووە، هەوڵێكیش بووە بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوكێكانی خۆی كە بەردەوام وەكو مۆتەكەیەك بەدوایەوەبووە.

لە ڕووی مێژووییەوە، سەرەتا بایەخ و گرنگیی گفتوگۆ لەوێوە سەرچاوە دەگرێ كە فەیلەسوف و بیریارەكانی وەكو سوكرات و ئەفلاتون لە نووسین و خستنەڕووی بیر و فەلسەفەی خۆیاندا، پشتیان بە گفتوگۆ بەستووە، ئەمەش كارێكی هەروا سەرپێیی و لەخۆوە نییە، بەڵكو بڕیارێكی پێشوەختە بۆ ئەنجامدان و وەدیهێنانی پرۆسەی پەیوەندیكردن لەگەڵ بەرانبەردا، بەڵام كێشەكە لێرەدا ئەوەیە، كە ئەو شێوە گفتوگۆیەی سوكرات و ئەفلاتون ئەو هێزی گەیاندن و كاریگەرەی خۆی لەدەستداوە كە دەبوو (گفتوگۆ) ئەنجامیبدایە، چونكە لە ڕاستیدا ئەو دەمەتەقێیانە تەنها ڕەگەزەكانی (ململانێ) لەخۆدەگرن بەبێ ئەوەی كە (بزاوت)ێك بەخۆوە ببینن كە گۆڕان و پەرەسەندنــی كارەكتەرەكان دەربخات، جگە لەمەش ئەو دەمەتەقێیانە شێوەی پرسیار و وەڵامیان سەبارەت بە كێشەگەلێكی فەلسەفیی و لۆجیكیی، وەرگرتووە [٣]. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ گومانی تێدا نییە كە ئەو مۆركە كەرنەڤاڵییەی كە گفتوگۆكانی سوكرات و ئەفلاتون، لە تەك شێوە ئاڵۆز و ڕەهەندە فەلسەفییەكانیدا هەیانە، ڕۆڵ و كاریگەریــی بەرچاویان لە پێكهێنانی ئەو شێوە گفتوگۆیە و شێوەی داڕشتنیدا هەبووە[٤]، بۆیە دەبینین ئەو پەیوەندییانە بوارێك بە بزاوتن بە گفتوگۆكان دەدەن تاكو لە تاكێتیی دووریانبخەنەوە كە مرۆڤ تووشی وەڕسیــی و بێزاریی دەكات، بەڵام مۆركی فیكریی وەك سیمایەكی دیاری ئەو گفتوگۆیانە هەر دەمێنێت.

هەر لەو سەردەمانەشدا، لەپاڵ ئەم دەمەتەقێیانەی سوكرات و ئەفلاتوندا، گفتوگۆ وەكو هۆكارێكی گێڕانەوە كە یەكێك بووە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی داستان، دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناو شانۆ، بەشێوەیەك كە بەشێكی زۆر لە بنیاتی

---

[2]) مرۆڤ وەك بەخشندە، ڕێبوار سیوەیلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، چ١، ٢٠٠٦، ل٩.

[3]) الحوار القصصي – تقنياته و علاقاته السردية، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ، ط١، ١٩٩٩، ص١٤.

[4]) قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، م. ب. باختين، ت: د. جميل نصيف التكريتــي، مراجعة : د. حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦، ص١٩٣.

شانۆگەری پشت بە گفتوگۆ دەبەستێت [٥]، ئاشکراشە کە زمانی شانۆگەری سەردەمی یۆنانی و تەنانەت رۆمانیش بەشێوەی شیعر بووە و گفتوگۆی شیعرییش لەم شانۆگەرییانەدا لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە نابێت شاعیر لە پێناو گوزارشتکردن لە هەست و یادەوەرییەکانی خۆیدا، فەرامۆش یان لەبیریانبکات، چونکە گفتوگۆی شانۆیی (درامیی) بەسروشتی خۆی بابەتییە و دەبێت هەر بە بابەتییش بمێنێتەوە، هەر بەمەش لە شیعری گۆرانـــی جیادەبێتەوە [٦]، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم بابەتێتییە بەتەواویی لە خودی شاعیر جیا نەبۆتەوە، چونکە شیعری درامیی چەند بابەتیی بێت، خودێتییشی هەر تێدا دەمێنێت، بەهەمان شێوە شیعری گۆرانی چەند خودیی بێت، بابەتێتیی تێدا هەر دەمێنێت. هەرچۆنێك بێت بایەخی مەزراندنی گفتوگۆ لە گەیاندنی پەیام و بەرجەستەکردنی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیـی و مرۆڤایەتییـەی کە پێویستە وێنەیان بکێشرێت، شتێکی روون و ئاشکرایە، "دەشکرێت ئەو تاوتوێکردنە فەلسەفییانەی کە رەگەزی پەرۆشیی و موفاجەئە و بزاوتن و بەرجەستەکردنی لەدەستداوە، لە هەمان کاتیشدا تاکێتیی ئاستی لەرینەوەی کارەکتەرە قسەکەرەکان گوزارشت بێت لە بزاوتێك کە بزاوتی ئاگایی و ململانێی بیرەکان بێت، زیاتر لەوەی گواستنەوەی شپرزەیی و پەشۆکیی هەڵوێستگەلێکی رۆژانەی هاوشێوەی ئەو هەڵوێستانە بێت کە لە ژیانی ئاسایـی رۆژانەدا روودەدەن" [٧]، هەر ئەمەشە وای لە میخائیل باختین کردووە، کە گفتوگۆ سوکراتییەکان بەرۆمانی سەردەمە کۆنەکان دابنێت [٨]، ئەمەش بەشێکە لە میتۆدی سوکراتیی کە پێیدەوترێت (بەرهەمهێنانی گفتوگۆیی)، بۆ هەڵهێنجانی بیرەکان لە رێگای زنجیرەیەك پرسیارەوە بۆ بەکێشکردنی قسەبۆکراو بۆ گەران بەدوای راستییەکان، بەکاردێت [٩] . ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخ و گرنگیی گفتوگۆ وەك هۆکارێکی پەیوەندی لە ژیانی مرۆڤدا.

### ٢ - پێناسەی گفتوگۆ

لەسادەترین پێناسەیدا، گفتوگۆ بریتییە لە ئاخاوتنی نێوان دوو کەس. بەواتایەکی دیکە، گفتوگۆ ئەو ئاخاوتنە گۆکراوە ئاڵوگۆرکراوەیە کە لەنێوان کارەکتەرەکانی رۆماندا روودەدات [١٠]، بەشێوەیەك کە رێرەوی رووداوەکان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە دەگوازێتەوە، واتە بەشانۆییکردنی رووداوەکان، کە یەکەم جار رەخنەگری ئینگلیزی (هێنری جەیمس) لەسەر رێبازی (ئەرستۆ و فلۆبێر) پەیرەوی دەکرد و بانگەشەی بۆ دەکرد[١١]، (پێرسی لۆبوك)یش پێیدەڵێت "درامای قسەیی – الناطقة" [١٢] و تیایدا کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی ململانێی رووداوەکاندا و لە رێگەی بیرە قسەییەکانیانەوە – بێ هیچ خۆهەڵقورتاندنێك لەلایەن نووسەرەوە – گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن. بەم پێیەش (درامای وەستاو – الساکنة)، کە بریتییە لە تێرامان و تەداعییە پەنگخواردووەکانی ناو زەینـی کارەکتەرەکان [١٣] ناچێتە ناو بازنەی گفتوگۆوە، بەڵام دەکرێت چەمکی گفتوگۆ فراوانبکرێتەوە و هەر قسەیەك کە کارەکتەرێك دەیکات – ئەگەر رووبەرووی کارەکتەرێکی دیکەشی نەکاتەوە – لەخۆبگرێت. کەواتە، ئەو دەستەواژانەش دەچنە ناو بازنـەی گفتوگۆوە کە یەك لایەنن و هیچ وەڵامێکیان لە لایەنـی

[5]) سحر السرد – دراسات في الرواية و القصة و القصة الشعرية، د. فائق مصطفى، مطبعة ارابخا، کرکوك، ط١، ٢٠٠٨ ص١٩٧ و تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، د. نجم خالد نجم الدین، ل٢٨٢.

[6]) الادب و فنونه، د. محمد مندور، دار نهضة مصر للطباعة و النشر، القاهرة، ط٢، (د . ت)، ص١٢٠.

[7]) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص١٤.

[8]) المبدأ الحواري – دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزفيتان تودوروف، ت: فخـري صالح، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٢، ص١١٣.

[9]) معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني، بيروت – سوشبريس، الدار البيضـاء، ط١، ١٩٨٥، ص٢٣٤.

[10]) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٢٩.

[11]) التداخل الثقافي في سرديات احسان عبدالقدوس (مدخل نظري)، د. شريف الجيار، الهيئة العامة لقصور الثقافة، ٢٠٠٥، ص٢٨٩ – ٢٩٠.

[12]) صنعة الرواية، بيرسي لوبوك، ت: عبدالستار جواد، وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد، ١٩٨١، ص١٥٦.

[13]) المعجم الادبي، جبور عبدالنور، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٤ ص١٠٠ نقلا عن: مشكلة الحوار في الرواية العربية، د. نجم كاظم عبدالله، اتحاد كتاب و أدباء الامارات، الشارقة، ط١، ٢٠٠٤، ص١٧.

بەرانبەرەوە نەدراوەتـەوە، هەروەهـا دەكرێت ئاخاوتنـی كارەكتـەر لەگەڵ خۆشـیدا، لە چوارچێوەی گفتوگۆدا دابنرێت [١٤]، بە تایبەتیش گفتوگۆی ناوەوە.

سەبارەت بەگفتوگۆ، شتێكی بەڵگە نەویستە كە هیچ ئاخاوتنێك نایەتە ئاراوە ئەگەر دوو كەس ئامادە نەبن و قسە و بیرورا نەگۆڕنەوە، هەڵبەتە هەر یەك لەم دوو كەسە لە یەك كاتدا هەردوو ڕۆڵی قسەكەر و گوێگریش دەبینن. واتە ئەو دەربڕینانەی كە مرۆڤـ وەك چالاكییەكی قسەیی لە پەیوەندییـەكانی خۆیـدا پراوەیانـدەكات، دوو لایەنەیە، لە ( أ بۆ ب) و بەهەمـان شـێوە لە (ب بۆ أ) [١٥]. (میخائیل باختین) ئەم حاڵەتە بە (پەیوەندی) ناودەبات و پێیوایە كە "مرۆڤـ تەنها لە گفتوگۆدا بوونی هەیە، چونكە (ئەوی دیكە) لەناو خۆیدا بەرجەستەیە و مەحاڵیشە بتوانین لەدەرەوەی (پەیوەندییەكان)ەوە درك بە ئەوی دیكە بكەین [١٦]. بەڵام ئەم پەیوەندییە پێویستی بە چاودێرییكردنێكی ورد هەیە بۆ شیكردنەوەی ئەو دیاردانەی كە پەیوەستن بەو هەڵسوكەوت و هەڵچوونانەی كە تایبەتن بە مرۆڤـ، چونكە مرۆڤـ لە كاتی قسەكردندا تایبەتمەندیی و بیركردنەوەكانی ئاشكرا دەردەكەون و هەندێ جاریش برێك لە مەرامەكانی ئاشكرادەكات. چونكە مرۆڤـ لە قسەكردندا هیچ پلانێكی دیاریكراوی پێشوەختی بۆ كۆنترۆڵكردنی وشە و دستەواژە و بابەتەكانی دانانێت، بەڵكو زۆر جار بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت، بابەتی سەرەكی باسەكانی لەگەڵ هەندێ باسی لاوەكیی حەشاردەدات و ونیدەكات. لێرەدا ئەركی نووسەر دێتە پێشەوە و ئاگایی و وریاییشی دەردەكەوێت، چونكە " پێویستە شێوازێكی گفتوگۆی ئەدەبیی هەڵبژێرێت و بیخاتە سەر زمانی كارەكتەرەكانی، بەشێوەیەك كە گفتوگۆكان بەرەو چڕیی و سفتیی و تۆكمەیی ئاراستەبكات. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی كە گفتوگۆكان لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستێكی بەرز كە وشە و پێكهاتە و بابەت و ئاماژەگەلێكی وای تێدابێت كە پێویستە لە هەر دەقێكی ئەدەبییدا هەبێت" [١٧]، (چارڵس مۆرگان)یش جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەكاتەوە و پێیوایە كە گفتوگۆ پاڵاوتنە نەك ڕاپۆرت نووسین، لە هەمان كاتیشدا هۆكارێكە بۆ چوونە ناو كرۆكی شتەكانەوە [١٨]. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە لە ئاستی قسەی ئاسایی ڕۆژانە كەمبكەینەوە، چونكە ئەم دیاردەیە حەتمییەتێكە و كەم ڕۆمان هەیە بتوانێت خۆی لە بەكارهێنانی بپارێزێت. قسەی ئاسایی ڕۆژانە كاتێك زیان بەڕۆمان دەگەیەنێت كە نووسەر بەمەبەستی شاردنەوەی ڕووكەشێتیی و دونیابینیی و تێڕوانینەكانی خۆی بەكاری بهێنێت. واتە ئامانج لە بەكارهێنانەكە خۆی لە خۆیدا گرنگییەكی زۆری هەیە، بۆ نموونە لە شانۆدا قسەی ئاسایی ڕۆژانە زۆر بە بەربڵاویی بەكاردێت، بەڵام زیاتر وەك هۆكارێكی جوانكاریی گرنگ و پێویست، وەك لە شانۆنامەكانی (جۆن ئۆزبۆن و تینسی ولیامز) بەرچاو دەكەون [١٩]، كەواتە قسەی ئاسایی ڕۆژانە لەتەك ئەوەی كە سەرچاوەیەكی بەپیتی گفتوگۆیە، پەیوەندییەكی بەتینیشیان پێكەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش "پەیوەندییەكی كارلێككەرانەیە نەك پەیوەندی پشت پێبەستن و خۆپێهەڵواسین" [٢٠] كە دەبێتە هۆی وەڕسیی و بێزاریی خوێنەر لە ئاست ڕۆمانەكەدا.

### ٣ – ئەرك و ڕۆڵی گفتوگۆ لە ڕۆماندا

شتێكی بەڵگە نەویستە كە تەواوی ڕەگەزەكانی ڕۆمان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بنیاتدەنرێن، گفتوگۆش كە یەكێكە لە گرنگترین هۆكارەكانی گێڕانەوە ڕۆڵێكی، گەورە لە بنیاتی ڕۆماندا دەگێڕێت. لەبەرئەوە گفتوگۆ بە ڕۆحی ڕۆمان دادەنرێت و مامەڵەكردنیش لەگەڵ ڕۆحدا كارێكی سانا نییە، بەڵكو لێزانیی و لێهاتوویی دەوێت. هەندێك پێیانوایە كە ڕۆماننووس دەتوانێت

---

[14] ) المتاهة و التمويه في الرواية العربية – المثقف و المدينـة / السلطة و الراوي، سامي سويدان، دار الاداب، بيروت، ط١، ٢٠٠٦، ص١٣٩.

[15] ) الراوي – الموقع و الشكل، يمنى العيد، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٦، ص٢٢.

[16] ) تحليل لرواية تولستوي – البعث، ميخائيل باختين، ت: محمد برادة، م. (الثقافة الاجنبية)، ع. (٢)، دار الشؤون القافية العامة، بغداد، ١٩٨٣، ص٥.

[17] ) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٣٠.

[18] ) المصدر السابق، ص ٣٠

[19] ) نامەی ئەلكترۆنی بەختیار عەلی بۆ توێژەر، لە بەرواری ٢٣ / ٧ / ٢٠٠٩.

[20] ) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٣١.

له نووسینی ڕۆماندا گفتوگۆ پشتگوێبخات و تەنها پشت بە گێڕانەوە ببەستێت [٢١]، بەڵام ئێمە ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەینەوە، چونکە ناکرێت وێنای ڕۆمانێکی خاڵی لە گفتوگۆ "بەهەموو شێوەکانییەوە" [٢٢] بکەین، چونکە بەهۆی ئەو زمانەی کە بەکاریدەهێنێت، گفتوگۆ، گوزارشت لە "بیر و ستاتیکا و هەڵچوونەکان" [٢٣] دەکاتەوە. کەواتە، دەبێت نووسەر بەر لەهەر شت هاوسەنگییەك لەنێوان گێڕانەوە و گفتوگۆدا دروستبکات، بەواتای ئەوەی کە نە دەبێت لە بنیاتی ڕۆمانەکەیدا بەتەواوی پشت بەگێڕانەوە ببەستێت و گفتوگۆ پشتگوێبخات، نە دەشبێت گفتوگۆ تەواوی یان زۆربەی پانتایی ڕۆمانەکەی داگیربکات، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا ڕۆمانەکە دەبێت بەپارچەیەك پەخشان و لە حاڵەتی دووەمیشدا دەقەکە زیاتر لە دراما نزیکدەبێتەوە تا ڕۆمان. لەخوارەوە بەچەند خاڵێك ئاماژە بە ئەرکەکانی گفتوگۆ دەکەین:

١- یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی گفتوگۆ، لەناوبردنی ساردیی و بێزاریی گێڕانەوەیە [٢٤] و لە هەمان کاتیشدا پشوویەك بە نووسەر و بە خوێنەریش دەبەخشێت.

٢- گفتوگۆ ڕۆڵێکی بەرچاو لە کێشانی وێنەی کارەکتەرەکان دەبینێت [٢٥]، مەبەستیشمان لە وێنەکێشان تەنها سیماکانی دەرەوەی کارەکتەرەکان نییە کە زۆر جار گێڕانەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەم کارە ئەنجامدەدات، بەڵکو مەبەستمان لە ڕوخساری دەرەوە و جیهانی ناوەوەشە، کارەکتەر لە ڕێگەی گفتوگۆکانییەوە، گوزارشت لە خود و هەست و نەست و بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵی خۆی دەکات، تەنانەت لە ڕێگەی جل و بەرگەکانیشییەوە، کارەکتەرەکان گوزارشت لە ئاستی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی خۆیان دەکەن، جگە لەمەش، وێنەی مرۆڤ بەتەنها خۆی لە خۆیدا بەس نییە بۆ دروستکردن و ناسینەوەی کارەکتەرەکان، بەڵکو (زمانی ئاخاوتن)ەکەشی بۆ ئەو مەبەستە هۆیەکی گرنگە. کەواتە، "کارەکتەر ئەو کاتە زیندوو و ئاشکرا دەردەکەوێت کە قسەدەکات و خوێنەریش گوێی لێدەبێت" [٢٦]، بەم شێوەیەش، گفتوگۆ کارەکتەر و خوێنەر ڕووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە و گۆشەنیگای خوێنەریش شوێنی گۆشەنیگای گێڕەرەوە دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە (پێرسی لۆبوك) پێیوایە کە "لە درامای ڕاستەقینەدا هیچ کەسێك (دیمەن) ناگێڕێتەوە، بەڵکو خۆی دەردەکەوێت و بۆنە و دەمەتەقێکان جێگای دەگرێتەوە" [٢٧]، هەروەها (پێرسی لۆبوك) ئەم شێوازە شانۆییە لە شێوازی وێنەیی (تصویری) جیادەکاتەوە و پێیوایە کە، لە نووسینی وێنەییدا یەك گۆشەنیگا هەیە ئەویش گۆشەنیگای خوینەر نییە [٢٨]، کەواتە لە ڕۆماندا، کە هەندێ تایبەتمەندیی درامای تێدایە، گۆشەنیگای خوێنەر دەردەکەوێت.

٣- گفتوگۆ هۆکارێکی گرنگە لە بنیاتی ڕووداودا، هەر لە ڕێگەی گفتوگۆشەوە ڕووداوەکان پەرەدەسێنن و لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە و تا گەیشتن بە (گرێ)، پێشدەکەون [٢٩]، جگە لەمەش ڕۆڵی هەیە لە هێنانەوەی بەشە دابڕاو و ونبووەکانی

---

21) التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ – دراسة في تجليات الموروث، د. محمد احمد القضاة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت،ط١، ٢٠٠٠، ص١٢٨.

22) الحب و الجسد و الحرية في النص الروائي النسوي في الخليج، رفيعة الطالعي، دار الانتشار، بيروت، ط١، ٢٠٠٥، ص١٥٢.

23) مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، رولان بارت، ت: د. منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، ط٢، ٢٠٠٢، ص٣٣.

24) بنية الشكل الروائي (الفضاء – الزمن – الشخصية)، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت – الدار البيضاء، ط١، ١٩٩٥، ص١٦٦ و الزمن و السرد القصصي في الرواية الفلسطينية المعاصرة، د. محمد ايوب، دار سندباد للنشر، ط١، ٢٠٠١، ص١٦٩.

25) فن القصة، محمد يوسف نجم، دار بيروت للطباعة، بيروت، ط٣، ١٩٥٩، ص١١٣.

26) فن كتابة القصة، حسين قباني، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٩، ص٩٥، نقلا عن: مشكلة الحوار في الرواية العربية، د. نجم عبدالله كاظم، ص٩١.

27) صنعة الرواية، بيرسي لوبوك، ت: عبدالستار جواد، ص٢١٤.

28) صنعة الرواية، بيرسي لوبوك، ت: عبدالستار جواد، ص٢١٨.

29) الرواية العراقية و قضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص١٦٧.

ڕووداوەکان [٣٠]، هـــەروەها ئاشکراکردنی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان و پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی ئاییندە [٣١]، ئەرکێکی دیکەی گفتوگۆیە لە بنیاتی ڕووداودا. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر، گفتوگۆ، (کات و شوێن) وەك چوارچێوەیەکی ڕووداوەکان ئاشکرادەکات [٣٢]، لەبەرئەوە گفتوگۆ بە بنەمایەکی گرنگی بنیاتی ڕووداو لە ڕۆماندا دەژمێردرێت.

٤- دیمەن کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی خاوکردنەوەی گێڕانەوە، کاتێك دروستدەبێت کە "کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت یەکسان دەبن" [٣٣]، نموونەییترین شێوەی دیمەنیش لە ڕێگەی گفتوگۆوە دروستدەبێت، چونکە تەنها لە گفتوگۆدا ئەو یەکسانییەی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت دێتەدی و جۆرێك لە هاوسەنگیی دروستدەکات [٣٤]، (یمنى العيد)یش جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە و تەنانەت هۆی ناونانی تەکنیکی (دیمەن)یش بەم ناوەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە دیمەن تەکنیکێکی تایبەتە بە(گفتوگۆ) [٣٥]. کەواتە گفتوگۆ ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی دیمەن لە ڕۆماندا دەبینێت و بەم هۆیەشەوە دەستەڵات و دەنگی نووسەر لە دیمەندا تا ئاستی لەناوچوون کەمدەبێتەوە و بوار بۆ کارەکتەرەکان خۆیان دەڕەخسێت کە گوزارشت لە خۆیان بکەن و ببنە خاوەنی دەنگ و گۆشەنیگای تایبەتی خۆیان. چونکە دەرکەوتن و خۆهەڵقورتاندنی نووسەر لە گفتوگۆدا کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم دروستبوونی دیمەن و لە هەمان کاتیشدا خوێنەر ئەو فەزایەی کە لە گێڕانەوەدا تیایدا دەژیا [٣٦] وا لە دیمەن دەکات کە "توانستە درامییەکانی خۆی، کە یەکەمین ئەرکی گفتوگۆیە، لەدەستبدات" [٣٧].
گەورەترین و پڕکێشەترین هەڵەی دەرکەوتنی نووسەر لە (دیمەنی گفتگۆیی)دا، لەوەدا ڕەنگدەداتەوە، کە کارەکتەرەکانی ڕۆمان زۆر جـار هاوشێوەی یەکدی دەردەکەون، هەموویان لە یەك ئاستی ڕۆشنبیرییدا دەبن، چونکە هەر یەکەیان بەشێك لە دەنگ و بیرکردنەوەی ڕۆماننووسیان وەرگرتووە، بەمەش "ناسنامەی خۆیان لەدەستدەدەن دەبن بە کۆپی یەکتری" [٣٨]، بەڵگەشمان بۆ لێکچوون و تێکەڵبـوونی دەنگی نووسـەر و کارەکتەر لە ڕۆماندا، ئەو درێژ دادڕییەیە کە لە گفتوگۆکاندا دەبینرێن، چونکە گفتوگۆ لە هەندێ کات و شوێنی پێویست نەبێت، بەسروشتی خۆی زیاتر بەلای کورتبڕییدا دەچێت تا درێژدادڕیی، کارەکتەرەکانیش لە گفتوگۆدا یان هاوبیر و هاوڕا دەبن و بەڕستەی کورت و ئاماژەکردن وەڵامی یەکدی دەدەنەوە، یانیش ناکۆك و دژ دەبن و وەڵامەکانیشیان وەك کاردانەوەیەك بۆ بەرانبەر خێرا دەبێت [٣٩]. لە ڕۆمانی کوردیدا، ئەم حاڵەتە لای (بەختیار عەلی) بەڕوونیی دەبینرێت و زۆر جار دەستەڵات و دەنگی بەختیار عەلی وەك نووسەر بەسەر کارەکتەرەکانەوە دیارە، چونکە زۆربەی کارەکتەرەکان لەیەك ئاستی ڕۆشنبیریی و مەعریفیدان، جگە لەمەش درێژیی گفتوگۆکان زۆر جار لە دوو یان سێ لاپەڕە تێدەپەڕێت، لەبەرئەوە خوێنەر بەئاسانی دەنگی بەختیار دەناسێتەوە.

---

[30]) اللغة القصصية عند يوسف ادريس في ضوء الشخصية الريفية، فاتح عبدالسلام، م. الاقلام، ع. (٦)، بغداد ،١٩٨٧، ص٣٤ و السرد عند الجاحظ – البخلاء نموذجا، فادية مروان احمد الونسة، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٤، ص٢٠٦.

[31]) السيناريو، سد فيلد، ت: سامي محمد، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد، ١٩٨٩، ص ٤٣ و رسم الشخصيات في روايات حنا مينة، فريال كامل سماحة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، عمان، ط١، ١٩٩٩، ص٣٦ – ٣٧.

[32]) البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق ( ١٩٨٠ – ١٩٨٥)، عبدالله ابراهيم، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧، ٢١٠.

[33]) بنية النص السردي من منظور النقد الادبـي، د. حميد لحمدانـي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – بيروت، ط٣، ٢٠٠٠، ص٧٨.

[34]) قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صباح الجهيم، وزارة الثقافة و الارشاد القومي، دمشق، ١٩٧٧ ، ص٢٥٣.

[35]) تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، يمنى العيد، دار الفارابي، بيروت، ط١، ١٩٩٠، ص٨٢.

[36]) مفهوم التناظر – تحديات نظرية، بشير القمري، م. (شؤون ادبية)، ع. (١١)، الشارقة، ١٩٩٠، ص٢٠.

[37]) الروائي و موقعه داخل الرواية، د. مصطفى ساجد الراوي، م. (الموقف الادبي)، ع. (٣٨١)، اتحـاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص www.awu_dam.org/mokifadaby/381/mokf381-004.htm

[38]) الحوار في الرواية، جورج واتسن، ت: عباس العويني، م. (الاقلام)، ع. (٩)، بغداد، ١٩٨٤، ص٧٦.

[39])الروائي و موقعه داخل الرواية، د. مصطفى ساجد الراوي، ص www.awu_dam.org/mokifadaby/381/mokf381-004.htm

زۆر جار نووسەر، هەوڵدەدات خۆی لە خۆهەڵقورتان لە گفتوگۆکان بپارێزێت و پەنا دەباتە بەر فێڵێکی هونەریی کە پێیدەوترێت "ئاراستەکردنی گفتوگۆ" (٤٠)، کە بریتییە لەوەی نووسەر لەکاتی وەسفکردنی کارەکتەرەکاندا، هەندێك خەسڵەت و ئەدگار بۆ گفتوگۆکانی زیاددەکات، وەکو (بەسەر گرانییەوە دەڵێت، بەپێکەنینەوە وتی، بەبێزارییەوە هاتە قسە...هتد)، بەڵام ئەم فێڵەش دیسانەوە گوزارشت لە نەرجسییەتی نووسەر دەکات، چونکە ئەم شێوە گفتوگۆیانەش هەر پەیوەستن بە گۆشەنیگای نووسەرەوە و رێگە لە خوێنەر دەگرن کە لە رێگای گفتوگۆکانیانەوە، وێنەیەك بۆ کارەکتەرەکان لە خەیاڵی خۆیدا بکێشێت (٤١). کەواتە، لەژێر رۆشنایی ئەم راستییانە و بۆ ئەوەی گفتوگۆ ئەم ئەرکانەی خۆی لە ئاستێکی بەرزدا جێبەجێبکات، پێویستە چەند مەرجێکی تێدابێت، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

١- گفتوگۆ، بۆ ئەوەی بەرجەستەبێت پێویستە ببێت بەجۆرێك لە گوتار، واتە گۆبکرێت یان بگوترێت (٤٢) و لە هەمان کاتیشدا وەرگر و پەیامیش ئامادەبن.

٢- پێویستە گفتوگۆ بەشێوەیەك بنیاتبنرێت، سەرنجی خوێنەر بۆ ناوەرۆکەکەی رابکێشێت (٤٣).

٣- خەڵکی بەدەگمەن نەبێت زۆر بەدووروردرێژیی قسە ناکەن، بۆیە پێویستە گفتوگۆ کورت و ئاسان و روون بێت (٤٤)، چونکە دەردی گەورەی گفتوگۆ کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی زیندوویەتییەکەی، درێژدادرییە (٤٥).

٤- نابێت نووسەر بۆ هەموو رووداوێکی ساکار و ئاسایی پەنابەرێتە بەر بەکارهێنانی گفتوگۆ و بەزۆر هەندێ قسە بخاتە سەر زاری کارەکتەرەکان، کە گێڕانـــەوە دەتوانێت ئاسانتر ئەو کارە بکات (٤٦).

٥- لە رووی پانتایی گفتوگۆ لە رۆماندا، دەبێت نووسەر ئاگاداری ئەوەبێت کە نابێت تەواوی یان زۆربەی رۆمانەکەی بەگفتوگۆ بنیاتبنێت (٤٧)، چونکە لەم حاڵەتەدا کارەکەی زیاتر لە شانۆگەری نزیکدەبێتەوە و تایبەتمەندییەکانی رۆمان لەدەستدەدات، بەڵکو وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە دەبێت هاوسەنگییەك لەنێوان گێڕانەوە و گفتوگۆدا دروستبکات.

٦- پێویستە گفتوگۆ بابەتیی بێت و لە مەودای کارەکتەرەکانەوە هەڵقوڵابێت، ئەگەرنا کارەکتەر دەبێت بە تووتییەك و بیرکردنەوەکانی نووسەر دووبارەدەکاتەوە (٤٨). کەواتە، گفتوگۆی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەنگی هەر کارەکتەرێك لە

---

40) عالم الرواية، رولان بورنوف و ريال اوئيليه، ت: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١، ص٨٦.

41) النقد التطبيقي التحليلي (مقدمة لدراسة الادب و عناصره في ضوء المناهج النقدية)، د. عدنان خالد عبدالله، دارالشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦، ٨٦.

42) كتابة الرواية، جون برين، ت: مجيد ياسين، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط١، ١٩٩٣، ص٧١ و نامەی ئەلکترۆنی کاروان عومەر کاکەسوور بۆ توێژەر لە بەرواری ١٧ / ٥ / ٢٠٠٩.

43) المسرح و العلامات، الين استون و جورج سافونا، ت: سباعي السيد، وزارة الثقافة، مهرجان القاهرة للمسرح التجريبي، القاهرة، ١٩٩٦، ص٨٦.

44) الرواية العراقية و قضية الريف، باقر جواد الزجاجي، ص١٧١ و بناء المشهد الروائي، ليون سومرليان، ت: فاضل ثامر، م. (الثقافة الاجنبية)، ع. (٣)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص٨١.

45) الحوار في القصة و المسرحية و الاذاعة و التلفزيون، طه عبدالفتاح مقلد، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٧٥، ص١٠.

46) البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ١٨٧٠ – ١٩٣٢ (دراسة فنية مقارنة)، خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص٩٢.

47) الزمن و الرواية، أ. أ. مندلاو، مراجعة: احسان عباس، دار صادر، بيروت، ط١، ١٩٩٧، ص١٣٣.

48) ناوەرۆك و تەکنیك لە درامای کوردیدا (١٩٩١ – ٢٠٠٢)، یاسین رەشید حەسەن، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٨.

کارەکتەرێکی دیکە لەلایەك و لە دەنگی نووسەر لەلایەکی دیکەوە جیابکاتەوە، بەشێوەیەك کە جیاتاکییەکی ورد لە بیرکردنەوە و دەربڕیندا، لەنێوانیاندا دەربکەوێت (٤٩).

٧- لە گفتوگۆدا، پێویستە هیچ وشەیەك دووبارە نەبێتەوە ئەگەر بەمەبەستی جەختکردنەوە (تأکید) بەکار نەیەت (٥٠).

٨- نابێت هیچ دژیەکییەك لەنێوان ئاستی کارەکتەر و ئەو بۆچوونەی دەریدەبڕێت، هەبێت. ناکرێت کارەکتەر نەخوێندەواربێت و نووسەر تێڕوانینی فەلسەفیی خۆی لە ڕێگەیەوە دەببڕێت یان وایلێبکات وەڵامی هەندێك پرسیاری فەلسەفیی بداتەوە، بەڵکو دەبێت لەسەرەتاوە و هەر لە ڕێگەی گفتوگۆشەوە، چۆنیەتیی و مەبەست و ئامانج لە دروستکردنی کارەکتەرە ڕوونبکرێتەوە (٥١).

## ٤ - کاریگەریی ڕێبازە ئەدەبییەکان بەسەر گفتوگۆوە

ئاشکرایە کە هەر ژانرێکی ئەدەبیی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ڕێبازە ئەدەبییەکاندا هەیە. بەواتای ئەوەی کە ڕێبازە ئەدەبییەکان ڕۆڵێکی زۆریان لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکاندا هەیە. شتێکی بەڵگە نەویستیشە گفتوگۆ زیاتر بەشانۆگەرییەوە پەیوەست بووە تا چیرۆك و ڕۆمان، ئیتر هەر لە ڕێبازی کلاسیزمەوە تا بەئێستا گفتوگۆ شانبەشانی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا هاتووە و لەگەڵ هەر یەکێکیاندا بەجۆرێك کاریگەر بووە.

ئاشکرایە کە هونەری شانۆ لە سەرەتاوە دوو جۆری هەبووە، تراجیدیا و کۆمیدیا. سەبارەت بەتراجیدیا، ڕێبازی کلاسیزم زیاتر جەخت لەسەر پەیوەستبوون بەهەرسێ یەکەی (ڕووداو، کات، شوێن) و پاراویی زمان دەکاتەوە (٥٢)، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەو زمانەدا بگونجێت کە چینی ئەرستۆکراتی ئەو سەردەمە بەکاریاندەهێنا. هەرچی کۆمیدیایە، ئەوا ڕێبازی کلاسیزم پێیوایە کە دەکرێت زمانی گفتوگۆ تیایدا لە ئاستی زمانی ئاسایی خەڵکی ڕەشۆك و عەوام بێت* (٥٣)، چونکە لە ڕێبازی کلاسیزمدا، ئاشکرایە کە لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە هەمیشە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو جۆرە شانۆگەرییە کراوە و تراجیدیایان لە کۆمیدیا بەرزتر نرخاندووە.

جێگای باسە کە ڕۆمانی (گەشتێکی سۆزاویی)ی ڕۆماننوس (ستێرن) لە ساڵی ١٧٦٨ز یەکەم ڕۆمانە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەگفتوگۆ دەستپێبکات، هەروەها تاکە ڕۆمانیشە کە "بەبێ نیشانەکانی ژمارەبەندیی نووسراوە" (٥٤).دواتر لە ساڵی (١٧٨٩ز)دا شۆڕشی فەرەنسیی تەواوی جیاوازییە چینایەتییەکان و کۆت و پێوەندەکانی کلاسیزمیی لەناوبرد، شانۆی ڕۆمانسیش توانی سوود لە شانۆگەرییەکانی (ویلیەم شکسپیر) وەربگرێت و بیکات بەنموونەیەك بۆ ئەوەی لە جیدییەت و گاڵتەئامێزیی، شیعر و پەخشان، شوێن پێی هەڵبگرن (٥٥). هەموو ئەم گۆڕانکارییانە وایانکرد کە زمانی گفتوگۆ بگۆڕێت بۆ

---

49) رسم الشخصيات في روايات حنا مينة، فريال كامل سماحة، ص٣٧.

50) الكتابة من السيناريوو خلال الحوار، كينيث ماك كاون، ت: كاظم سعدالدين، ملحق الثقافة الاجنبية، ملحق خاص بـ (فن كتابة السيناريو)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٠، ص٩٥.

51) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی - پراکتیکی - بەراوردکاری)یە، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چ١، ٢٠٠٩، ل٢٢٠.

52) الحوار في الرواية العراقية (١٩٦٥ - ١٩٨٠)، تغريد عبالخالق هادي البطاوي، رسالة ماجستير، كلية الاداب ،جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص١.

*دیارە کە نووسەری ئەم سەرچاوەیە ڕەگەزی (کارەکتەر)ی لەبیرکردووە، ئەگەرنا چۆن دەقێکی گێڕانەوەئامێز بەبێ کارەکتەر بنیاتدەنرێت؟

53) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٢١.

54) الحوار في الرواية، جورج واتسن، ت: عباس العويني، ص٧٣.

55) الرومانسية، ليليان فروست، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، وزارة الثقافة و الفنون، بغداد، ١٩٧٨، ص٧.

زمانێکی سۆزاویی و خەیاڵئامێز و تێکەڵاوکردنی شیعر و پەخشان، ئیتر ڕۆمانگەلی دانپێیانان و سۆزاویی، کە گوزارشتیان لە کێشەکانی تاك و سۆز و خەیاڵەکانی دەکرد، هاتنە ئاراوە.

لەسەدەی نۆزدەهەمیشدا ڕێبازی ڕیالیزم هاتە ئاراوە و جەختی لەسەر واقیع و وێنەکێشانی واقیع بەشێوەیەکی گشتگیر دەکردەوە، لەم لایەنەوە (ڕینیە ویلك) پێیوایە کە "پێویستە هونەر دەستپاکانە وێنەی جیهانی ڕاستەقینە بکێشێت، بۆیە پێویستە لە ڕێگای سەرنجی ورد و ڕاڤەکردنی شێنەییانەوە لە ژیانی هاوچەرخدا بکۆڵێتەوە، پێویستیشە هونەرمەند بەبێ هەڵچوون، واتە بەبێ تێئاخنینی خود، واتە بابەتییانە، ئەم کارە بکات" (٥٦)، ڕۆمانیش لە سایەی ئەم ڕێبازەوە بواری فراوانتری بۆ ڕەخسا و بوو بە بەربلاوترین ژانری ڕێبازی ڕیالیزم و گفتوگۆش بوو بەخاوەنی زمانێك کە لەگەڵ دیاردە ڕۆژانەیی و باوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا مامەڵەی دەکرد (٥٧).

ڕێبازی ناتورالیزمیش، کە لە قۆناغی دوای ڕیالیزمدا هاتە ئاراوە ، گفتوگۆ لە چوارچێوەی شتە هەستپێکراوەکاندا، پشت بە وەسف و لێدوانی ڕاڤەکارانەی دیاردەکان و هەروەها کێشانی وێنەی ئەوەی کە زەینیی و ڕوحییە، دەبەستێت (٥٨)، لەم بوارەشدا، ڕۆماننووسی فەڕەنسیی (ئەمیل زۆلا) زۆر سەرکەوتووانە "لێکچواندنــی وردی لەنێـوان ڕۆماننووس و پزیشکدا ئەنجامـداوە" (٥٩).

دوای پێشکەوتنی دەروونناسییش، بەتایبەتی دوای هاتنەئارای قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونیی لەلایەن (فرۆید)ەوە، پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکاندا دروستکرد و ئەنجام جۆرێکی دیکە لە گفتوگۆ پەیدابوو، ئەویش (گفتوگۆی ناوەوە)یە، کە ڕۆڵی زۆری لە بنیاتی کارەکتەری ڕۆماندا بینیوە، بەتایبەتیش لە ڕۆمانەکانی ڕەوتی ئاگایی و ڕۆمانی فەڕەنسیی نوێ، لەسەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا.

## بەشی دووەم

## گفتوگۆی ڕاستەوخۆ

### ١- چەمکی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ

گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، کۆنترین و بەربلاوترین جۆری گفتوگۆیە لە ڕۆماندا، تیایدا کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەنێوان خۆیاندا دەدوێن. دەشکرێت بە (گفتوگۆی نۆبەتیی – تناوبی)ی ناوی ببەین (٦٠)، چونکە (نۆبەتێتیی) کە لەسەر پرسیار و وەڵام، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی لایەنی بەرانبەر، وەستاوە، سیمایەکی بەرچاوی ئەم جۆرە گفتوگۆیەیە، کە دەبێتە هۆی پاشەکشە و سنووردارکردنی دەستەڵات و دەنگی گێڕەرەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا و کارەکتەرەکانیش بەئازادیی خۆیان پێشکەشدەکەن و ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خۆیان دەکەن، بەم شێوەیەش کارەئەدەبییەکە "بێلایەنیی و واقیعییەتی زیاتر" (٦١) بەخۆیەوە دەبینێت. دەبێت ئەوەش بڵێین کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بە "گفتوگۆ بێگەردەکان – الحوارات الخالصة" (٦٢) و

---

56) مفاهيم نقدية، رينيه ويلك، ت: د. جابر عصفور، سلسلة عالم المعرفة (١١٠)، الكويت، ١٩٨٧، ص١٨٦ – ١٨٧.

57) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٢٤.

58) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام ، ص٢٥ و تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی کورتە چیرۆکی کوردیدا، د. نجم خالد نجم الدين،ل٢٨٣.

59) الواقعية، ديمين كرانت، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٨، ص٥٦.

60) قضايا النقد الادبي، عمر بن سالم واخرون، مركز الدراسات و البحوث الاقتصادية و الاجتماعية في الجامعةالتونسية، تونس، ١٩٧٨،١٠٦.

61) تجربة زياد قاسم الروائية، نضال محمد فتحي الشمالي، دار وائل للنشر، عمّان، ط١، ٢٠٠٢، ص٢٨٠.

62) اسلوبية الرواية (مدخل نظري)، حميد لحمداني، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء، ط١، ١٩٨٩، ص٩٠.

"گوتاری پێشاندراوی راستەوخۆ" (٦٣) ناودەبرێت، بەواتای ئەوەی کە گفتوگۆیەکی خاڵییە لە هەر وەسف و گێڕانەوەیەك لە لایەن گێڕەرەوەوە.

لە گفتوگۆی راستەوخۆدا توانای گۆکردنی وتەکانی قسەکەر، چ لە کاتی قسەکردن یان لە وەستان و بێدەنگیدا، یانیش لە ئاماژە و پرسیار و وەڵامدا، واتە لە کۆی پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بەڕوونیی دەردەکەوێت، چونکە لە بنەڕەتدا گفتوگۆ "جۆرێکی پەیوەندیکردنە کە تیایدا کەسەکان بەنۆبەت دەبن بەنێرەر و وەرگر" (٦٤)، لەبەر ئەوە سیمای (گۆکردن) دیارترین سیمایە کە گفتوگۆی راستەوخۆ لە تەواوی جۆرەکانی دیکەی گفتوگۆ جیادەکاتەوە، چونکە ئاخاوتنی کارەکتەرەکان لەم جۆرە گفتوگۆیەدا بەگۆکراوێکی راستەوخۆ دادەنرێت کە بەلای (هاریس)ەوە بریتییە لە هەموو بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن کە قسەکەر ئەنجامیدەدات، لە پێش و پاشی ئەم بەشەشدا بێدەنگییەك لە لایەن قسەکەرەوە هەیە (٦٥). جێگای ئاماژە بۆکردنیشە کە گفتوگۆی راستەوخۆ لە میانەی تەکنیکی (دیمەن)ەوە بنیاتدەنرێت، کە تەکنیکێکی درامیی کۆنە و لە سەردەمی هۆمیرۆسەوە بەکارهاتووە و تیایدا کارەکتەرەکان لە رێگەی گفتوگۆوە دیمەنێکی شانۆیی پێکدەهێنن، بەم شێوەیەش جەخت لەسەر ئەو تایبەتمەندییەی رۆمان دەکرێتەوە کە "فۆرمێکی چیرۆکئامێز نییە بەهەناسەیەکی درامیی، بەڵکو فۆرمێکی درامییە لە بەرگێکی چیرۆکئامێزدا" (٦٦)، هەرچی دیمەنی ناو رۆمانە، ئەوا بەهۆی پاشەکشەی دەنگی گێڕەرەوەوە "جۆرێك لە یەکسانیی و هاوسەنگیی لە نێوان پانتایی گێڕانەوە و پانتایی چیرۆکەکەدا دێتە ئاراوە" (٦٧)، لەم بارەیەوە، (هێنری جەیمس) داوا لە نووسەران دەکات کە لە رۆمانەکانیاندا بایەخ بەنووسینی دیمەنی گفتوگۆئامێز بدەن، چونکە سەرباری ئەو یەکسانییەی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت، گفتوگۆ گوزارشت لە رووداو و کات و شوێن دەکات، کە دەبێتە هۆی بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرەکیی گفتوگۆ کە "پێشاندانی کارەکتەرەکانە" (٦٨) لە کاتی ئەنجامدانی رووداو و کردار و جووڵەکاندا. واتە بەبێ کارەکتەر گفتوگۆی راستەوخۆ یان نۆبەتیی نایەتە ئاراوە، چونکە هەر کارەکتەر خۆی بەبەرهەمهێنەری ئەو رەگەزانە دادەنرێت. دەبێت ئەوەش بڵێین کە گفتوگۆی راستەوخۆ وەك جۆرێکی گفتوگۆی دەرەکیی، زیاتر لە رۆمانی فرە دەنگیدا بەکاردێت کە گوزارشت لە ململانێی ئایدیاکاندا دەکات، لە کاتێکدا رادەی بەکارهێنانی لە رۆمانی رەوتی ئاگاییدا کە لەسەر رووداوێکی دەروونیدا وەستاوە، زۆر لەوە کەمترە.

### شێوەی نووسینی گفتوگۆی راستەوخۆ

لە رۆمانی کوردیدا، نووسەران بە شێوەیەکی گشتی دوو شێوەی سەرەکیی گفتوکۆیان بەکارهێناوە، ئەویش (شێوەی ئاشکرا و شێوەی شاراوە)ن.

### أ / شێوەی ئاشکرا

لەم شێوەیەدا کارەکانی (وتم، وتی، فەرمووی، چرپاندی،...هتد) بەکاردێت. نووسەر زیاتر بە مەبەستی هەمەڕەنگیی و لەناوبردنی بێزاریی پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوەیە دەبات. لە رۆمانی کوردیدا شێوەی ئاشکرا لە نووسینی گفتوگۆ بە چەندین شێوە بەکارهاتووە:

63) تحليل الخطاب الروائي (الزمن – السرد – التبئير)، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – بيروت، ط٣، ١٩٩٧، ص١٩٧.

64) معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، سعيد علوش، ص ٧٨.

65) تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين، ص١٧.

66) الدرامة و الدرامي، س . دبليو، دوسن، ت: عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٨١، ص١٢٧.

67) قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صباح الجهيم، ص٢٥٣.

68) كتابة الرواية، جون برين، ت: مجيد ياسين، ص٧٧.

١/ هەندێ جار گفتوگۆکە وەکو گفتوگۆی درامیی بەناوی کارەکتەرەکان دەستپێدەکات، واتە ناوی کارەکتەرەکان دەکەونە پێش قسەکانیانەوە، وەك لە ڕۆمانی (خۆری تار)ی (ڕەئوف حەسەن)دا هاتووە:

**زیندان: ها! فەرهاد! ئەوە چیە!! سەرت نایەوە! چ کاتی نووستنە! دەی ئەوە پێرێ بوو..باسی پێرێ تەواو..ئەی دوێنێ؟! ئەی ئەمڕۆ؟!**

**فەرهاد: بەسە..بەس! ماندووم..برسیمە، برسی..زۆرم برسییە..لێم بگەڕێ با بنووم.**

**زیندان: هەستە! بە ئاوی شیلەتێن لێوانت تەڕ بکە..جگەرەیێك پێکە..پاکەتەکەت هێشتا زۆری تێدا ماوە.**

**فەرهاد: جگەرەو برسێتی!!** (٦٩)

ئاشکرایە لەم گفتوگۆیەدا کە لەنێوان (فەرهاد)ی مرۆڤ و (زیندان) کە شوێنێکی داخراو و گیان بەبەرداکراوە، خوێنەر بە ئاسانیی کارەکتەرەکان و قسەکانیان لەیەکتری جیادەکاتەوە.

٢/ هەمان شێوە لە ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابیەکان)ی ( هیوا قادر)دا بەکارهاتووە، بەڵام جیاوازیی لێرەدا ئەوەیە کە ناوی کارەکتەرەکان کەوتوونەتە دوای قسەکانیانەوە، ئەمەش شێوەیەکی تا ڕادەیەك باوە و لە ئەدەبی جیهانیشدا بەکارهاتووە.

**– ئەو کەسە دەناسیتەوە کە هەڵواسراوە؟ فەرمانده ئەمەی ووت و ئافرەتەکەش کە تا ئەو کاتە لەپاڵ دەرگاکەدا وەستابوو قسەکەی فەرماندەی دووبارەکردەوە، مروەت بەوەی دەنگێك لەقووڵاییەوە ڕایچڵەکێنێ جووڵەیەکی تێکەوت.**

**– لەگەڵ تۆمانە پیرێژن. فەرماندە.**

**– لەگەڵ تۆیەتی سەیرکە. ئافرەتەکە.** (٧٠)

لەم نموونەیەدا خوێنەر ئەوە تێدەگات کە ئەم گفتوگۆیە لەنێوان (فەرماندە) و (مروەت)ە، ئافرەتی پاڵ دەرگاکەش ڕۆڵی وەرگێڕ دەبینێت، چونکە ئاشکرایە کە نە (فەرماندە) کوردی دەزانێت و نە (مروەت) عەرەبی دەزانێت، بەڵام وەك دەبینین نووسەر قسەکانی فەرماندەشی هەر بە کوردی نووسیوە، کە چاکتر وابوو بە عەرەبی بوایە بۆ ئەوەی واقیعییەتی زیاتری بە دیمەنەکە ببەخشییایە و خوێنەریش چێژی زۆرتری لێ وەردەگرت.

٣/ جاری وا هەیە بارودۆخی گفتوگۆکە سەرباری ئاشکراکردن و ناساندنی کارەکتەرەکان، گوزارشت لە پرسیار یان وەسفی حاڵەتی قسەکەرەکان دەکات، وەك لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر)ی (سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم) بەکارهاتووە:

**شێخ موراد لە یەکێك لە خوتبە بەناوبانگەکانی دا فەرمووی:**

**– بکەنە خاتر خودا و قەورەگەی ئیمام حوسێن، مەیلن دوێتەگاندان مینی جۆب بکەنە وەر، با حەیا و شەرەفمان نەچد.**

**لەم کاتەدا عەلی کاکل کە یەکێك بوو لە کوڕە قۆشمەکانی شارەکە وتی:**

**شێخ سوئالێکم هەس.**

(69) خۆری تار "کۆچی سوور"، ڕەوف حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٣٥.

(70) ئاوێنە سەرابیەکان، هیوا قادر، دەزگای کتێبی ئەرزان، ١٩٩٦، ل١٤٥.

**شێخ: کوڕم فەرموو.**

**عەلی کاکل: ئەی یاشێخ دوێتەگان خۆد ئەرا مینی جۆب کەنە وەر؟**

**شیخ موراد: کوڕم لە بەر ئەوەی دوێتەگانم لە دالگیان حیزترن.**

**عەلی کاکل (بە چەپڵە لێدان و فیکە کێشانەوە):**

**– یاحوسەین، یاحوسەین، ڕەحمەت لە باوگ ئەوەی سینە کوتت...** (٧١)

٤/ جاری واش هەیە ژمارەی ئاخێوەرانی ناو گفتوگۆکە لە دووان زیاتر دەبن، نووسەریش لە بری ئەوە کە ئاماژە بە ناوەکانیان بدات، لە ڕێگەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆوە بە وشەی (کەس) یان جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی کۆوە دەلکێت، نموونەی ئەم جۆرە گفتوگۆیەش هەر لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر)ی (سەلام عەبدلاّ ئیبراهیم)دا بەرچاودەکەوێت:

**کابرا بۆ لای کەس و ناسیاوەکانی گەڕایەوە و فەرموودەکانی یەحیا دەلی گێڕایەوە...**

**یەکێکیان وتی: "لە ئەڵوەنەوە هاتووین و بۆ ئەڵوەن دەگەڕێینەوە" ئامین.**

**ئەوی تریان وتی : "بە ئەڵوەنی ئەژێم، بە ئەڵوەنی ئەمرم، بە ئەڵوەنی ئەیدەم وەڵامی قەبرم" ئامین!**

**کەسێکی تریان وتی: "یا ئەوەتا تا ئەبەد بە چۆك دادان دەمێنینەوە یا بە یەکجاری ڕۆژ دەهێنینە خوارەوە و بۆ ملی منداڵەکان ملوانکەی لێدروست دەکەین" ئامین!** (٧٢)

**ب / شێوەی شاراوە**

لەم شێوەیەدا، هیچ وەسف و ئاماژەیەك لە لایەن گێڕەرەوەوە بەرچاو ناکەوێت تاکو لە ڕێگەیەوە گفتوگۆی کارەکتەرەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە و بناسرێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی چوونەناویەکی دەنگی کارەکتەرەکان و جۆرێك لە لێڵی و تەمومژی و سەرلێشێوان بۆ خوێنەر دروستدەکات کە لەوانەشە هەندێ جار نووسەر بۆ وەدیهێنانی هەندێ ئامانجی هونەری وەکو وروژاندنی بیری خوێنەر، بەکاری بهێنێت. ئەم جۆرەش لە ڕۆمانی کوردیدا بە چەندین شێوەی جیاواز دەبینرێت و چەند نموونەیەکی لێ دەخەینەڕوو:

١/ (عەبدوڵلاّ سەڕاج) لە ڕۆمانی (کۆچڕەو...کۆچڕەو)دا، شێوەی شاراوەی لە گفتوگۆدا بەم شێوەیە بەکارهێناوە:

- **گەلی برادەرینە، خۆخۆرین، مردوو پەرستین.**

**بەو زەلامەی تەکت گوت کە سەر لەنوێ کەوتنەوە ڕێپێوان بەرەو پێچ و هەورازەکانی هاوینە هەواری (پیرمام). یەکێ پاڵپشتت بوو.**

- **دیارە، فرچکمان بەهەڵەشەیی و کورتبینی گرتووە.**

---

[71]) ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر، سەلام عەبدولاّ ئیبراهیم، ئینتشاراتی هانا، سوید، چ١، ١٩٩٨، ل٩٥.

[72]) ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر، سەلام عەبدولاّ ئیبراهیم، ل٩٨ – ٩٩.

**دەنگێکی دیکە: لەخۆ بایین. دەسخەڕۆی کەسانێکین.** (٧٣)

لەم گفتوگۆیەدا، کارەکتەری یەکەم نەبێت کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و لە هەمان کاتیشدا خودی نووسەر خۆیەتی، دوو دەنگەکەی دیکە ناسنامەیان بە تەواوی ونە و بۆ خوێنەر دیار نییە کە کێن و چ کارەن؟ نووسەر ئەم گفتوگۆیەی لە دیمەنێکی تا ڕادەیەك لێڵدا بەرجەستەکردووە و زیاتر مەبەستی گەیاندنی بیر و بۆچوونەکانە تا ناساندنی یان پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان. واتە، ئەو دەنگانە زیاتر وەکو سەکۆیەك بەکارهاتوون بۆ ئەوەی لە میانەیەوە بۆچوونەکان بخرێنەڕوو.

٢/ هەندێ جار نووسەر لە دوو توێی دیمەنێکی نموونەیی (مشهد مثالي)دا، کە خاڵییە لە هەر وەسف و ئاماژەیەك لە لایەن گێڕەرەوەوە، ئەوەندە نەبێت کە لە ڕێگەی وشەیەکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گفتوگۆکە لە نێوان چەند کەسێکە بێ ئەوەی ناسنامەی کەسەکان ئاشکرا بکات، جۆرێك لە گفتوگۆی شاراوە دروستدەبێت، وەك لە ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا هاتووە:

**– ئیللا، بیللا پەلەی کردییەو پێش هاتنی هیمداد بووە.**

**– دیارە.**

**– یاخۆ: غەللەیەکی دنیاو شەیتانی لەدڵ دا بووە.**

**– لەگینە.**

**– کورە خودا عالیمە پیاوی لەش پیس یان ژنی حەیزدار، لەدیاربووە.**

**– ئەوەیان وێ دەچێ.**

**– ئەجەلیش کە هات ناگەڕێتەوە.**

**– بنی قسەت هێنا، ئەگینا شێخی مە، رووحمان بەفیدای بێ، سەد..دەرەجەش پتر لەسەرەوەی شێخ عەزەدینە.**

**– توخوا ئەوە کەینێ شێخ بووە؟!.تا پلەوپایەی بێ.**

**– کورە..ركم بکەنەوە دەڵێم: دەستی لەگەڵ حکومەتی ئێرەو دەرەوەش دایە.**

**– نەعووزوبیللا.**

**– نەعووزوبیللای ناوێ: ئۆباڵ بەملی ئەو کەسانەی وا دەڵێن.**

**– دنیایە هەموو چشتێکی لێ ڕوودەدا.** (٧٤)

دیارە ئەم گفتوگۆیە لە نێوان کۆمەڵێك (دەروێشی دڵسۆزی) شێخێکی گەورەیە کە هەم خەڵك و هەم زۆربەی دەروێشەکانی دیکە بەهۆی ڕووداوێکەوە بروایان بە شێخایەتییەکەی لەقدەبێت، ڕووداوەکەش ئەوەیە کە دەروێشێکی شێخی قوتبی زەمان بەناوی (پیرۆت)ەوە لە کۆڕێکی گەورەی زیکرکردندا دەگاتە ئەو بروایەی کە بەدەم هاوارکردنەوە (مەدەد، قوربان مەدەد...هتد) ڕووی تفەنگەکەی لەخۆی دەکات و گوللەیەك لەخۆی دەدات و دڵنیاشە کە نامرێت بەڵام (باوەڕ)ەکەی خیانەتی

[73]) کۆچڕەو...کۆچڕەو، عەبدوڵڵا سەڕاج، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٠.

[74]) خاك و چەوسانەوە، عەزیزی مەلای ڕەش، ب (١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٥٢ – ٢٥٣.

لێدەکات و شێخ و تەریقەت بەفریای ناکەون و ڕوح تەسلیم دەکات، بۆیە بازاڕی شێخ برەوی نامێنێت و تەنها چەند دەروێشێك نەبێت بڕوایان بەشێخ هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و بەو گفتوگۆیەی سەرەوە دەکەونە لێکدانەوە و بیانوو و پاساو هێنانەوە بۆ ئەنجامی ڕووداوەکە. دیارە یەکێك لە خەوش و کەموکوڕییەکانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ ئەو درێژییەیە کە پانتاییەکی فراوان لە ڕووبەری دەقەکە داگیردەکات، وەك ئەو نموونەیەی سەرەوە، بەڵام نووسەر لێرە کارەکتەرەکانی کردووە بە ئامرازێك بۆ ڕەخنەگرتن لەو بیر و باوەڕە کۆن و ناعەقڵانییەی کە خەڵکی دوای بەتاڵبوونەوە و ئاشکرابوونی فێڵ و تەڵەکەبازیی ئەو توێژە قۆڵبڕە، کەچی هێشتا هەر بەرگری لێدەکەن و کۆمەڵێك پاساو و هۆی بێ مانای بۆ دەهێننەوە، کە لە قسەی هەموو کەسێك دەچێت لە هی مرۆڤی بەئاوەز و هۆشیار ناچێت. کەواتە نووسەر لەم دیمەنەدا تەنها مەبەستی پێشاندان و گەیاندنی پەیامەکەیە نەك دیاریکردنی ناسنامەی کارەکتەرەکان.

٣/ لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر)دا، (سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم) لە ڕێگەی وشەی (جەماعەت)ەوە، شێوەیەکی جیاوازی لە گفتوگۆی شاراوە دروستکردووە، جیاوازییەکەشی لەوەدایە کە ڕادەی شاراوەییەکەی تەواو نییە، بەڵکو نیمچە شاراوەیە، چونکە لایەنێکی گفتوگۆکە کارەکتەرێکی ناسراوە و ئاماژە بە ناوی کراوە کە (ئەدهـەم باقی)یە، بەڵام لایەنەکەی دیکە (جەماعەت)ە و لە چەند کەسێکی نادیار و نەناسراو پێکهاتوون و هەمووشیان وەك یەك دەنگ بەشداری لە گفتوگۆکە لەگەڵ (ئەدهەم باقی)دا دەکەن:

**ڕۆژێکیشیان بە سەرخۆشی وتی: بەڕاستی حکومەتێکی کەرمان هەیە ! !**

**جەماعەت: یائەڵڵا خێر، ئەڕا دەمت ناگریت؟**

**ئەدهەم: جە دەم بگرم باوە، حکومەت یەك دنیا پارە دەدە تۆپ و تەیارە، ئەڕا ئەوەی کورد بکوژد و کوڕ عالەمەگە بیەد وەکوشت، ئەیە فرە خەرایەتییە !**

**جەماعەت: ئەڕا**

**ئەدهەم: ئەی قەتڵ عامە نێتواد. خۆ لەلای هەر جەوەڵێگ دەوڵ و زوڕنا بیەد لە لی، کوردەکان گشتیان چەگەگانیان فڕە دەن و وە هەڕا تێنە خوارەوە و دەس کەنە هەڵپەڕکێ، ئەو وەختەش حکومەت تواند وەبی خوین ڕشتن گشتیان بگرد و دوییی یەك عەفو عام بیەد و ئاو بار دەس بشور. ئاخر بێژ تایر یەحیا و تایر خوفێر ئەی گەوادیە ئەڕا چە دانە؟** (٧٥)

جێگای ئاماژە بۆکردنە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوە و بەدواداچوونمان لە ڕۆمانەکانی ناو سنووری باسەکەدا، شێوەی ئاشکرا زۆر کەم بەکارهاتووە و بە بەراورد بە شێوەی شاراوە ژمارەی نموونەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. هەروەها بەر لەوەی کۆتایی بەم باسەمان بێنین، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە (بەختیار عەلی)ی ڕۆماننووس، تاکە نووسەرێکە لە ئەدەبی کوردیدا هیچ یەکێ لەو دوو شێوە گفتوگۆیەی سەرەوەی پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو هەر لەگەڵ پرۆسەی گێڕانەوەدا درێژەی بە نووسینی گفتوگۆی کارەکتەرەکانی داوە، هەرچەندە وەکو شێوەی ئاشکرا پەیڤەکانی (وتی، وتم، پرسی، وەڵامیدایەوە، هاواریکرد...هتد) بەکارهێناوە. ئەم شێوەیەش بۆ خوێنەر لە یەکەم نیگادا وا دەردەکەوێت کە تەواوی دەقەکە لە گێڕانەوەیەکی ڕووت پێکهاتووە، بەڵام کە دەست بە خوێندنەوە دەکات دەبینێت کە گفتوگۆکان لەگەڵ گێڕانەوەکەدا ئاوێتە بوونە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە)دا، (خەندانی چکۆڵە) کە گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، بەم شێوەیە باس لە دیمەنی یەکەم دیداری نێوان خۆی و (نەسرەدینی بۆنخۆش) دەکات:

---

(75) ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر، سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم، ل٢١.

**((... که نەسرەدینی بۆنخۆش منی بینی دەستیدرێژکردو گووتی: "ڕێز و حورمەتی زۆرم بۆ ئێوەخاتوونی ئازیز"، بەڵام که پێمگووت "من خەندانم، خەندانی چکۆلانە... ئەو کچەی بە درۆ دەڵێن گوایە دەتوانێ ڕەشەبا دروستبکات" ڕەنگی تێکچوو، دەیوویست خۆی وابخاتەڕوو کە نامناسێت، من دەمزانی کە "مەعسومە" هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەتەوە... ئەو کاتەی کە شەپۆلێکی هەڵپەڕکێ لە یەکتری دوورخستینەوە و بردینی، ئەو بە پەشۆکاوی تەماشایدەکردم، لەوسەرەوە دوور لە دەنگی ئۆرگەکە و دوور لە فزوڵی هەندێ تەماشاکەر یەکتریمان گرتەوە و پێمگوت: "من خوشکی پەروانەم... پەروانە"، ئەو بە سەرسامییەوە سەیریکردم و زیاتر شڵەژا و گووتی: "...تۆ نابیتە گەرد؟" من گووتم: "گوێبگرە، من نابمە گەرد، بەڵام پێویستیم پێتە". ئەو هیچی نەگووت، لێوی نەبزواند، بە هێمنی پشتیتێکردم و لەناو قەرەباڵغییەکەدا وونبوو، بێئەوەی لەو شەوەدا جارێکی دی لەو ئاهەنگەدا دووبارە دەربکەوێتەوە.)).** ^(٧٦)

لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)شدا، هەمان شێوەی نووسینی گفتوگۆ دووبارە دەبێتەوە:

**(( کە لێمپرسی سەریاسی سوبحەم لە کوێیە، وەڵامیدامەوەو گووتی "مردووە ... سەریاسی سوبحەم مردووە" گووتم " دەمەوێت بزانم چۆن مردووە؟ هەقی خۆمە بزانم چۆن مردووە" وەڵامینەدامەوەو گووتی کاتێکی دیکە دەگەڕێمەوەو کاتمان دەبێت باسی هەموو شتێك بکەین.)).** ^(٧٧)

### ٣- بێدەنگیی لە گفتوگۆدا

لە چوارچێوەی دیمەنەکانی ناو ڕۆماندا، زۆر جار چەند ساتێکی کورت یان درێژی بێدەنگیی لە میانەی گفتوگۆی کارەکتەرەکاندا دەبینرێت، ئەم بێدەنگییەش تەنها بۆ پشوودان و هەناسە وەرگرتن نییە، بەڵکو بەشێکیشە لە گفتوگۆی کارەکتەرەکان، چونکە لایەنی نەوتراو لە گفتوگۆکان پێکدەهێنێت. کەواتە بێدەنگیی لەمیانەی گفتوگۆدا، ئاخاوتنێکی نەوتراوە ^(٧٨)، لە هەمان کاتیشدا، بێدەنگیی بەشێکیشە لە پرۆسەی گێڕانەوە کە نووسەر بە مەبەستی خستنەڕووی سروشت و مەودای پەرەسەندنی گفتوگۆکان بەکاریدەهێنێت وچانێك لە ڕێڕەوی کاتدا دروستدەکات و وەك بەشێکی تەواوکەری گفتوگۆ بایەخی خۆی هەیە، چونکە ناکرێت کارەکتەرەکانـــی ڕۆمان لە گفتوگۆ و دەمەتەقێی بەردەوامدابن، بەڵکو بە پێی پێویست دەبێت هەندێ ساتی کورت یان درێژ بێدەنگیی بنوێنن.

لە ڕۆمانی کوردیدا، دەتوانین چەندین شێوە بێدەنگیی لە گفتوگۆی کارەکتەرەکاندا دەستنیشانبکەین:

١/ زۆر جار لە شوێنی قسەی کارەکتەرەکان، خاڵ (....) دادەنرێت، وەك نیشانەیەك بۆ نەبوونی بۆشایی و ئاماژەیەك بۆ ئامادەیی کارەکتەرەکە و بەشداربوونی لە گفتوگۆکەدا، بەڵام لە ئێستادا لەبەر هۆیەکی تایبەتی بێدەنگیی هەڵبژاردووە، وەك لە ڕۆمانی (ئەژدیها)ی (موکری)دا بەرچاو دەکەوێت:

**– دانیشە.**

**دانیشت. خۆی چووە دەرێ، دەرگای حەوشەی کلیل دا (کەریم) بێدەنگ و حەپەسابوو، (ئەمنەخان) گەڕایەوە بە کەریمی گوت:**

**– نەخۆشم..**

**– ......**

---

[76]) ئێوارەی پەروانە، بەختیار عەلی، بڵاوکراوەکانی ئێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ستۆکهۆڵم، چ١، ١٩٩٨، ل٩ – ١٠.

[77]) دواهەمین هەناری دونیا، بەختیار عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٤.

[78]) الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٥٠.

- زۆر نەخۆشم.

- .......

- پشتم بشێلە!

کەریم، بەشەرمەوە، ووردە ووردە دەستی بەسەر پشتیا دەهێنا (ئەمنەخان) سووکە ناڵەی شەهوەت بزوێنی لەدەم دەهاتە دەر دەیگوت:

- توند.. توند.. توندتر..

- .....

- دەی خوارەوە.. خوارتر.. خوارتر..

(کەریم لە (موعەزەزەوە) فێری سنووری خوارتربیوو! هەر شەرمی دەکرد، زمانی لەگۆ چوو بوو، (ئەمنەخان) کەوتە سەرپشت، گوتی:

- سنگم بشێلە!

- ......

- توند.. توند.. توندتر..

کەریمی گوشیەیە خۆیەوە، کەریم لەشەرما، زمانی وشك ببو، حەپەسابوو، (ئەمنەخان) ئەینالاند، مار ئاسا دەتلایەوە، هەندەی گاز لە شان و ملی کەریم گرت، جێ دگانەکانی شین بوونەوە.. کەریم هەر بێدەنگ بوو، ئەمنە خان پیّ ی گوت:

- پیاونیت؟

- .....

- داوەشێیت.. کەی کورد وابووە. (٧٩)

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، هەردوو هەستی شەرم و ترس ئەو بێدەنگیی و وەڵامنەدانەوەیەی (کەریم)یان دروستکردووە. شەرم لەوەی کە (ئەمنەخان) لە تەمەنی دایکییەتی و هیچ ساتێکیش لەو بڕوایەدا نەبووە کە ژنێکی لەم تەمەنە و لەو پایە کۆمەڵایەتییە کە ژنی پیاوێکی دیندار و خاوەن سامان، کاری لەو جۆرەی لیّ بوەشێتەوە، ترسیش لەوەی کە کارەکەیان ئاشکرا بێت و بکەوێتە بەر غەزەب و نەفرەتی (حاجی ڕەزای عەللاف) و (موعەزەن) کە مێرد و کچی (ئەمنەخان)ن، چونکە لە لایەك (حاجی ڕەزا) لە شاگردی دەریدەکات و نان بڕاو دەبێت و لەوانەشە تووشی کێشەی گەورەتریشی بکات، لە لایەکی دیکەوە لە باوەشی گەرمی (موعەزەن) بێبەش دەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی نهێنی لەگەڵ (موعەزەن)دا هەیە. هەموو ئەمانە وایان لە (کەریم) کردووە کە بە بێدەنگی گوزارشت لە هەست و هەڵوێستەکانی خۆی بکات. بەڵام دوای ئەوەی (ئەمنە خان) هەستی (کەریم) بریندار دەکات و پێی دەڵێت (**داوەشێیت.. کەی کورد وابووە.**)، ئیتر ئەمیش (هەستی نەتەوایەتیی) دەبزوێت و لەگەڵیدا دەستدەکات بە (کوردایەتی)یەکی هاوشێوەی ئەوەی کە لەگەڵ (موعەزەن)ی کچیدا دەیکات.

[79]) ئەژدیها، موکری، چاپەمەنی زاموا، سلێمانی، چ (١)، ١٩٩٨، ل١٤.

٢/ مەرج نییە هەموو جارێك بە خاڵ دانان بێدەنگیی لە گفتوگۆ بەرجەستە بکرێت، بەڵکو هەندێ جار نووسەر یان گێڕەرەوە خۆی، لە میانەی پرۆسەی گێڕانەوەدا، لە ڕێگەی چەند وشەیەکی وەکو (بێدەنگ، ئەبڵەق)، ئاماژە بە بێدەنگیی کارەکتەرەکان لە گفتوگۆدا، دەکات. وەك لە ڕۆمانی (دیوەخان)ی (محەمەد ڕەشید فەتاح) بەکارهاتووە:

**زەلامێکی ڕەقەڵەی سمێڵ فشی، تفەنگ بەشان چاوە پڕ و پوشاوییەکان بڕییە عورفە و پێی ووت:- برا ئەوە بۆ وەستاویت؟چیت لێ قەوماوە؟**

**عورفە ڕاپەڕی، بێ دەنگ ئاوڕی لێ دایەوە، زەلامەکەش زێتر سەری لێ بردە پێشەوە.**

**برا ئەوە چیتە بۆ قسە ناکەیت؟** [٨٠] -

(ڕەئوف حەسەن)یش لە ڕۆمانی (خۆری تار)دا، لە ڕێگەی وشەی (ئەبڵەق)ەوە گوزارشتی لە بێدەنگیی کارەکتەرەکە کردووە:

**زیندان: فەرهاد!**

**فەرهاد: ها!**

**زیندان: فەرهاد ! بەخێر بێیت.**

**فەرهاد: ئەبڵەق بووە.**

**زیندان: فەرهاد! ئەمە حاڵ نییە تۆی تێدایت.. تاکەی وا بەبێدەنگی تل دەدەیت و گینگل دەخۆی.. تاکەی وا ئاگرو پشکۆ لە چاوانت دەبارێت..تاکەی! ؟.. هێندە لە من پەستیت؟! من لە ئازارەکانی تۆدا بێتاوان و بێدەستەڵاتم..** [٨١]

بەڵام لێرەدا نووسەر لە داڕشتنی شێوەی بێدەنگییەکە کەوتووەتە هەڵەوە. چونکە خوێنەر کە (**فەرهاد: ئەبڵەق بووە.**) دەخوێنێتەوە، وا تێدەگات کە (فەرهاد) وەسفی کەسێکی دیکە دەکات کە (ئەبڵەق) بووە. واتە، (ئەبڵەق بووە) لێرەدا وەکو قسەی (فەرهاد) دەرکەوتووە. بەڵام لە ڕاستیدا ڕستەی (**فەرهاد: ئەبڵەق بووە.**) هەمووی وەسفێکە لەلایەن نووسەرەوە بۆ حاڵەتی (فەرهاد) و دەبوایە ئەو دوو خاڵەی سەریەك كە لە دوای ناوی ( فەرهاد)ەوە هاتووە نەنووسێت، بەم شێوەیە (**فەرهاد ئەبڵەق بووە.**)

٣/ هەر لە میانەی پرۆسەی گێڕانەوەدا و لە ڕێگەی هەندێ دەستەواژەوە، نووسەر یان گێڕەرەوە ئاماژە بە بێدەنگیی کارەکتەرەکان دەکات، وەك لە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین)ی (فەرهاد پیرباڵ)دا هاتووە:

**ئەوەتا ئەو کەسەی من بەدوایدا دەگەڕێم:**

**- چۆنی، کاکە؟**

**لەوە دەچێ گوێی لێم نەبێ، یانیش نەیەوێت وەڵامم بداتەوە.**

**ئەگەر (داهاتوو) لە لای ئەو تەنانەت تۆزقاڵێکیش بەها و واتای هەبێت، بێگومان دەبێ ئەوەندە ورە و تاقەتەی هەبێت کە خۆی بهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی وەڵامم بداتەوە. سەیرە!**

---

[80]) دیوەخان، محەمەد ڕەشید فەتاح، چاپەمەنی ئەزمر، سلێمانی، ١٩٩٥، ل٣٤-٣٥.

[81]) خۆری تار "کۆچی سوور"، ڕەوف حەسەن، ل ١٨.

**– چۆنی برام!**

**ئەم جارە، تەماشایەکی کردم. وەك بڵێی خەواڵوو بێت، دیسان ڕووی کردەوە پەنجەرەکە و وەڵامی نەدامەوە.** (٨٢)

لەم دیمەنەی سەرەوەدا، سەرەتا گێڕەرەوە خۆی پاساو بۆ بێدەنگیی کارەکتەری بەرانبەر دێنێتەوە (**لەوە دەچێ گوێی لێم نەبێ، یانیش نەیەوێت وەڵامم بداتەوە**)، بەڵام کە بۆ جاری دووەم دەیدوێنێت، دڵنیا دەبێت کە بێدەنگیی و وەڵامنەدانەوەکەی بە ویستی خۆیەتی و نایەوێت وەڵامی بداتەوە. لە ڕێگەی ئەو وەسفە کورتەی کە گێڕەرەوە بۆ کارەکتەری بەرانبەری دەیکات، تێدەگەین کە هۆی ئەو بێدەنگییە لەم گفتوگۆیەی سەرەوەدا، بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارە دەگەڕێتەوە کە کارەکتەرەکە تێیدا دەژی و دووچاری خەمۆکیی و دوورەپەرێزیی کردووە.

٤/ لە ڕۆمانی (درز)ی (کاکەمەم بۆتانی)دا، جۆرێکی دیکەی بێدەنگیمان بەرچاو دەکەوێت، کاتێك گێڕەرەوە لە ئەنجامی هەستکردن و دواتر دڵنیابوونی لە خیانەت و داوێن پیسیی هاوسەرەکەی لەگەڵ نزیکترین هاوڕێی خۆیدا، لە دۆخێکی دەروونیی سەختدا دەژی کە پڕە لە دوودڵیی و دڵەڕاوکێ، لە دیمەنێکدا دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ڕوو لە خونچەیەکی وشك دەکات و دوا قسەی خۆی لەگەڵ خونچەکەدا دەکات و ئامۆژگاریدەکات، ئاشکراشە کە نە خونچەکە وەڵام دەداتەوە و نە خۆی چاوەڕێی وەڵام لە خونچەکە دەکات، بۆیە جۆرێك لە بێدەنگیی دروستدەبێت:

**– بەمردویش سەرچڵ جێبهێڵێ، پۆستاڵ و کەڵاش پانت دەکەنەوە. نەکەی جێ گۆڕکێ بکەیت چاوت لێنییە، چۆن هاوڕێکانت دەشێلدرێن!** (٨٣)

٥/ گفتوگۆی تەلەفۆنی، ئامرازێکی دیکەیە کە گێڕەرەوە لە ڕێگەیەوە بێدەنگیی لە گفتوگۆی کارەکتەرەکانی خۆیدا بەرجەستە دەکات، گێڕەرەوە لە گفتوگۆی تەلەفۆنیدا قسەی لایەنێکی پەیوەندییەکە ئاشکرا دەکات و لایەنەکەی دیکە بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەم جۆرە بێدەنگییەش لە ڕۆمانی کوردیدا بە دوو شێوە بەکارهاتووە. لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لە نێوان (شازە) و (ئەنوار)دا ڕوودەدات و سەرلەبەری قسەکان تایبەتە بە تەندروستی (نەوال) کە لە بیمارستان خەوتووە:

**– ......؟!**

**– خەونەکانی یەکە بە یەکە بۆ گێڕاینەوە و ئێمەش بەکوڵ بەکوڵ بۆی گریاین.**

**– ......؟!**

**– ئێستا لەسەر پشت پاڵکەوتووە و کز کز لە بنمیچەکە دەڕوانێت.**

**– ......؟!**

**– هەر دەڵێ چاوەڕێیە خەونی تر، هی خۆی بێت، یان هی کەسێکی تر، وەکوو دڵۆپە بارانی ورد ورد لێیەوە تنۆك تنۆك بێنە خوارێ.**

**– ......؟!**

---

[82]) پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاوشین، فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥.

[83]) درز، کاکەمەم بۆتانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل٧٩.

- **بۆ سەر چاوی بتکێن و تێکەڵ بە فرمێسکەکانی ببن.**

- **......؟!**

- **دەسا هەر واشە، چونکە ئەم زمانی لە گۆکەوتووە و تەنها دەتوانێت خەونی پێبگێڕێتەوە.** (٨٤)

لەم گفتوگۆیەدا، گێڕەرەوە تەنها قسەکانی لایەنی دووەمی ئاشکرا کردووە کە (ئەنوار)ە، بەڵام قسەکانی (شازە) وەك لایەنی یەکەمی گفتوگۆکە بە شاراوەیی هێشتۆتەوە و لە جێگایاندا بۆشایی داناوە و لە کۆتایی بۆشاییەکەشدا نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی داناوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خوێنەر بتوانێت بەشداری لە دەقەکەدا بکات و لە بەر ڕۆشنایی وەڵامەکانی (ئەنوار)دا درك بە پرسیارەکانی (شازە) بکات کە شاراوەن.

(هیوا قادر)یش لە ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابیەکان)دا، لە میانەی گفتوگۆی تەلەفۆنیدا شێوەیەکی دیکەی لە بێدەنگیی دروستکردووە، لەم گفتوگۆ تەلەفۆنییەدا تەنها لایەنی یەکەم قسە دەکات و هیچ ئاماژەیەکی نووسراو نییە بۆ وەڵامی لایەنی دووەم و بە تەواوی شاراوەن، بەڵام زۆر بە سانایی لەوە تێدەگەین کە لایەنی دووەم لە ئاست و پلە و پایەیەکی بەرزتردایە و فەرمان بە سەر لایەنی یەکەمدا دەکات:

- **گەورەم لە تەلەفۆنێکی نادیارەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە بۆمبێك بەدووری چل مەترێك لە فەرمانگەکەمانەوە دانراوە، بەپێی ئەو هەواڵەی کە پێمان گەیشتووە دە خولەکی تر دەتەقێتەوە، هەروەها ئامێری پشکنەرەکەش وا دەخاتەڕوو کەبۆمبێکی پێچراوەیە و بەپێی ڕاپۆرتی پشکنەرەکانیش بۆمبەکە لە کیلۆیەك زیاترە.**

- **بەڵێ گەورەم چاوەڕوانی فەرمانی ئێوەین، هەموو دەستپێشکەرییەکمان کردووەو شەقامەکە بەیەکجاری چۆڵکراوە لەهاوولاتیان.. بەڵێ بەردەوام ئاگاداری پێشهاتی تازەی ڕووداوەکەتان دەکەینەوە.** (٨٥)

٦/ جۆرێکی دیکەی بێدەنگیی کە، بێدەنگییەکی ناتەواوە، ئەمیش کاتێك دروستدەبێت کە کارەکتەرەکە قسە دەکات، لایەنی بەرانبەر لەبەر هەر هۆیەك بێت قسەکەی پێ دەبڕێت و ناهێڵێت قسەکەی تەواوبکات، بۆ نموونە لەوانەیە لایەنی دووەم پێشوەخت مەبەستی لایەنی یەکەم بزانێت بۆیە بە پێویستی نازانێت کە قسەکانی تەواوبکات، یان قسەکەر لەبەر شەرم و دوودڵیی قسەکە بە خۆی دەبڕێت و تەواوی ناکات، بەمەش جۆرێك لەبێدەنگیی دروست دەبێت کە دەکرێت بە نیمچە بێدەنگیی یان بێدەنگیی ناتەواو ناوی بەرین. وەك لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا بەکارهاتووە:

- **تۆ بۆچی لە........؟!**

**ئەو پێکەنی و پێی وت:**

- **ڕاست دەکەیت کچە بچکۆلەکە، تەلەفزیۆن زۆر ڕەنگی منی گۆڕیوە.** (٨٦)

ئەم گفتوگۆ کورتە لە نێوان (نەوال) و (سەلیمە)یە کە گۆرانیبێژێکی ناوداری ولاتە و هاوڕێی (پوورە شازە)یەتی، (نەوال) یەکەم جارە ڕووبەڕوو (سەلیمە) دەبینێت و لەگەڵ ئەو وێنەیە بەراوردی دەکات کە هەموو جارێك لە تەلەفزیۆن دەیبینێت، بەڵام (پوورە سەلیمە) یەکسەر لە مەبەستەکەی دەگات و ناهێڵێت قسەکەی تەواوبکات و وەڵامی دەداتەوە.

---

[84]) ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٩٦-٢٩٧.

[85]) ئاوێنە سەرابیەکان، هیوا قادر، ل١٢٦-١٢٧.

[86]) ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، کاروان عومەر کاکەسوور، ل١٠٠.

## ئەنجامەکان

١. لە شێوەکانی نووسینی گفتوگۆدا، شێوەی ئاشکرا بە بەراورد بە شێوەی شاراوە زۆر کەم بەکارهاتووە و ژمارەی نموونەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

٢. (بەختیار عەلی)ی ڕۆماننووس، لە گفتوگۆدا، ئەگەرچی وەکو شێوەی ئاشکرا پەیڤەکانی (وتی، وتم، پرسی، وەڵامیدایەوە، هاواریکرد...هتد) بەکارهێناوە. بەڵام نە شێوەی ئاشکرا و نە شێوەی شاراوەی لە گفتوگۆدا بەکار نەهێناوە، بەڵکو گفتوگۆکانی لەگەڵ پرۆسەی گێڕانەوەدا ئاوێتە کردووە.

٣. لە پاڵ بێدەنگی لە گفتوگۆدا، لە ڕۆمانی کوردیدا نیمچە بێدەنگیش بەرچاودەکەوێت کە بە هۆی جیاوازەوە دروستدەبێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


1) ئاوێنە سەرابیەکان، هیوا قادر، دەزگای کتێبی ئەرزان، ١٩٩٦.

٢) ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣) ئەژدیها، موکری، چاپەمەنی زاموا، سلێمانی، چ (١)، ١٩٩٨.

٤) ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەو بەر، سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم، ئینتشاراتی هانا، سوید، چ١، ١٩٩٨.

٥) ئێوارەی پەروانە، بەختیار عەلی، بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ستۆکهۆڵم، چ١، ١٩٩٨.

٦) پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاوشین، فەرهاد پیرباڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٨) خۆری تار "کۆچی سوور"، ڕەوف حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

٩) خاک و چەوسانەوە، عەزیزی مەلای ڕەش، ب (١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٨.

١٠) درز، کاکەمەم بۆتانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

11) دواهەمین هەناری دونیا، بەختیار عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢.

1٢) دیوەخان، محەمەد ڕەشید فەتاح، چاپەمەنی ئەزمر، سلێمانی، ١٩٩٥.

1٣) کۆچڕەو...کۆچڕەو، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

14) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی – پراکتیکی – بەراوردکاری)یە، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چ١، ٢٠٠٩.

١٥) تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی کورتە چیرۆکی کوردیدا، د. نجم خالد نجم الدین، گ. زانکۆ، ژ. (٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٦) مرۆڤ وەك بەخشندە، ڕێبوار سیوەیلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، چ١، ٢٠٠٦.

١٧) ناوەڕۆك و تەکنیك لە درامای کوردیدا (١٩٩١ – ٢٠٠٢)، یاسین ڕەشید حەسەن، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.

18) نامەی ئەلکترۆنی بەختیار عەلی بۆ توێژەر، لە بەرواری ٢٣ / ٧ / ٢٠٠٩.

١٩) نامەی ئەلکترۆنی کاروان عومەر کاکەسوور بۆ توێژەر لە بەرواری ١٧ / ٥ / ٢٠٠٩.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

٢٠) الادب و فنونه، د. محمد مندور، دار نهضة مصر للطباعة و النشر، القاهرة، ط٢، (د . ت).

٢١) اسلوبية الرواية (مدخل نظري)، حميد لحمداني، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء، ط١،١٩٨٩.

٢٢) البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ١٨٧٠ – ١٩٣٢ (دراسة فنية مقارنة)، خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

٢٣) البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق ( ١٩٨٠ – ١٩٨٥)، عبدالله ابراهيم، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧.

٢٤) بناء المشهد الروائي، ليون سومرليان، ت: فاضل ثامر، م. (الثقافة الاجنبية)، ع. (٣)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

٢٥) بنية الشكل الروائي (الفضاء – الزمن – الشخصية)، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت– الدار البيضاء، ط١، ١٩٩٥.

٢٦) بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، د. حميد لحمداني، المركز الثقافي العربي، الدارالبيضاء بيروت، ط٣، ٢٠٠٠.

٢٧) تحليل الخطاب الروائي (الزمن – السرد – التبئير)، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – بيروت، ط٣، ١٩٩٧.

٢٨) تحليل لرواية تولستوي – البعث، ميخائيل باختين، ت: محمد برادة، م. (الثقافة الاجنبية)، ع. (٢)، دار

الشؤون القافية العامة، بغداد، ١٩٨٣.

٢٩) تجربة زياد قاسم الروائية، نضال محمد فتحي الشمالي، دار وائل للنشر، عمّان، ط١، ٢٠٠٢.

٣٠) التداخل الثقافي في سرديات احسان عبدالقدوس (مدخل نظري)، د. شريف الجيار، الهيئة العامة لقصور الثقافة ، ٢٠٠٥.

٣١) التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ – دراسة في تجليات الموروث، د. محمد احمد القضاة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٠.

٣٢) تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، يمنى العيد، دار الفارابي، بيروت، ط١، ١٩٩٠.

٣٣) الحب و الجسد و الحرية في النص الروائي النسوي في الخليج، رفيعة الطالعي، دار الانتشار، بيروت، ط١، ٢٠٠٥.

٣٤) الحوار في الرواية، جورج واتسن، ت: عباس العويني، م. (الاقلام)، ع. (٩)، بغداد، ١٩٨٤.

٣٥) الحوار في الرواية العراقية (١٩٦٥ – ١٩٨٠)، تغريد عبالخالق هادي البطاوي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٠.

٣٦) الحوار في القصة و المسرحية و الاذاعة و التلفزيون، طه عبدالفتاح مقلد، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٧٥.

٣٧) الحوار القصصي – تقنياته و علاقاته السردية، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط١، ١٩٩٩.

٣٨) الدرامة و الدرامي، س . دبليو، دوسن، ت: عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٨١.

٣٩) الراوي – الموقع و الشكل، يمنى العيد، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٦.

٤٠) رسم الشخصيات في روايات حنا مينة، فريال كامل سماحة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، عمان، ط١، ١٩٩٩.

٤١) الروائي و موقعه داخل الرواية، د. مصطفى ساجد الراوي، م. (الموقف الادبي)، ع. (٣٨١)، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣،
www.awu_dam.org/mokifadaby/381/mokf381-004.htm

٤٢) الرواية العراقية و قضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

٤٣) الرومانسية، ليليان فروست، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي، وزارة الثقافة و الفنون، بغداد، ١٩٧٨.

٤٤) الزمن و الرواية، أ. أ. مندلاو، مراجعة: احسان عباس، دار صادر، بيروت، ط١، ١٩٩٧.

٤٥) الزمن و السرد القصصي في الرواية الفلسطينية المعاصرة، د. محمد ايوب، دار سندباد للنشر، ط١، ٢٠٠١.

٤٦) سحر السرد – دراسات في الرواية و القصة و القصة الشعرية، د. فائق مصطفى، مطبعة ارابخا، كركوك، ط١، ٢٠٠٨.

٤٧) السرد عند الجاحظ – البخلاء نموذجا، فادية مروان احمد الونسة، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٤.

٤٨) السيناريو، سد فيلد، ت: سامي محمد، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد، ١٩٨٩.

٤٩) صنعة الرواية، بيرسي لوبوك، ت: عبدالستار جواد، وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد، ١٩٨١.

٥٠) عالم الرواية، رولان بورنوف و ريال اوئيليه، ت: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١.

٥١) فن القصة، محمد يوسف نجم، دار بيروت للطباعة، بيروت، ط٣، ١٩٥٩.

٥٢) قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صباح الجهيم، وزارة الثقافة و الارشاد القومي، دمشق، ١٩٧٧.

٥٣) قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، م. ب. باختين، ت: د. جميل نصيف التكريتـــي، مراجعة : د. حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.

٥٤) قضايا النقد الادبي، عمر بن سالم واخرون، مركز الدراسات و البحوث الاقتصادية و الاجتماعية في الجامعة التونسية، تونس، ١٩٧٨.

٥٥) كتابة الرواية، جون برين، ت: مجيد ياسين، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط١، ١٩٩٣.

٥٦) الكتابة من السيناريوو خلال الحوار، كينيث ماك كاون، ت: كاظم سعدالدين، ملحق الثقافة الاجنبية، ملحق خاص بـ (فن كتابة السيناريو)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٠.

٥٧) اللغة القصصية عند يوسف ادريس في ضوء الشخصية الريفية، فاتح عبدالسلام، م. الاقلام، ع. (٦)، بغداد ، ١٩٨٧.

٥٨) المبدأ الحواري – دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزفيتان تودوروف، ت: فخـري صالح، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٢.

٥٩) المتاهة و التمويه في الرواية العربية – المثقف و المدينـة / السلطـة و الراوي، سامي سويدان، دار الاداب، بيروت، ط١، ٢٠٠٦.

٦٠) مدخل الى التحليـل البنيوي للقصص، رولان بارت، ت: د. منذر عياشـي، مركز الانماء الحضـاري، ط٢، ٢٠٠٢.

٦١) المسرح و العلامات، الين استون و جورج سافونا، ت: سباعي السيد، وزارة الثقافة، مهرجان القاهرة للمسرح التجريبي، القاهرة، ١٩٩٦.

٦٢) مشكلة الحوار في الرواية العربية، د. نجم كاظم عبدالله، اتحاد كتاب و أدباء الامارات، الشارقة، ط١، ٢٠٠٤.

٦٣) معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني، بيروت – سوشبريس، الدار البيضـاء، ط١،

.١٩٨٥

٦٤) مفاهيم نقدية، رينيه ويلك، ت: د. جابر عصفور، سلسلة عالم المعرفة (١١٠)، الكويت، ١٩٨٧.

٦٥) مفهوم التناظر – تحديات نظرية، بشير القمري، م. (شؤون ادبية)، ع. (١١)، الشارقة، ١٩٩٠.

٦٦) النقد التطبيقي التحليلي (مقدمة لدراسة الادب و عناصره في ضوء المناهج النقدية)، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.

٦٧) الواقعية، ديمين كرانت، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٨.

## ملخص البحث

يتألف هذا البحث الموسوم بـ (الحوار المباشر في الرواية الكوردية – الكرمانجية الجنوبية (١٩٩١ز – ٢٠٠٣ز) من فصلين.

يتناول الفصل الاول نظريا، مقدمة تأريخية و تعريفا للحوار، ثم وظيفة الحوار في الرواية، وأخيرا تأثير المذاهب الادبية فيه.

بينما يدرس الفصل الثاني الحوار المباشر كجزء من الحوار الخارجي، مستهلا بمفهوم الحوار المباشر، ثم وعن طريق النماذج الروائية تم توضيح أشكال كتابة الحوار المباشر و المتمثلة بـ (النمط الظاهر، النمط الخفي، الصمت في الحوار). واخيرا عرضنا اهم النتائج التي توصل اليها البحث.

## THE SUMMARY

This titled research consists of (The direct dialogue in Kurdish novels – southern Kurmanji 1991 – 2003) into two chapters.

The first chapter involves theoretically, historical introduction and definition of the dialogue then dialogue's function in a novel, and finally the effect of the literary doctrine on it.

While the second chapter studied direct dialogue as part of external dialogue, commencing with idea of direct dialogue, then through a feature novel explained forms of direct dialogue presented with (apparent pattern, a hidden pattern and a silent in the dialogue). and we finally have displayed the most important results which this research has reached .